کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2:49 11-11-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لاوازی ڕۆڵی میدیاکانی کوردستان لە بزواندنی هەستی نەتەوایەتی لە تەنگژەی ئێستای کورد وتورکدا ... خەبات لاوباخ**



لە دوای هاتنەناوەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە گۆرەپانی سیاسی و شۆڕشگێری باکوری کوردستان، میدیاکانی تورکان بەگشتی ولەم تەنگژەیەدا بەتایبەتی، هەموو بوارەکانی میدیایان خستۆتەگەڕ بۆ شێواندنی ڕاستیەکان و بەهێزکردن و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی لای هەر تاکێکی تورک دژی کورد وبزاڤە ڕەواکەی، بەدەیان کەناڵی ئاسمانی تورکی و جیهانی و ڕۆژنامەکانیان و سایتی ئینتەرنێت و سیاسەتمەدارەکانیان لە دەرەوە و ناوەوە کەوتونەتە پڕۆپاگەندە بۆ پەیداکردنی پشتگیری زۆرتر بۆ نیازە گڵاوەکەیان، کە هێرشکردنە سەر ناوچە ئازادکراوەکەی باشوری کوردستان و کپ کردنی دەنگی ئازادی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، تەنانەت بڵاوکردنەوە و هەڵواسینی ئاڵە شرە سورەکەیان، کە نیشانەی خوێن ڕشتنە، لە ماڵان و دوکان و بازارەکانیان، تەنانەت لە ئەوروپاش کردویانە بەپیشەیەکی ئاساییان.

لەدوای گۆڕینی سیستەمی کەلتوری جیهانی وهاتنی سیستەمی گلۆبالیزم و پەرەسەندنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ ناو کۆمەڵگای کوردستان، هەوڵدانی وڵاتانی داگیرکارانی کوردستان لە هەموو ڕێگاییەکەوە بۆ کەمکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی، تا ڕادەیەك داکشانی و نزم بوونەوەی ئەم هەستە ڕەچاو دەکرێت، ئەمە زەنگێکی ترسناکە بۆ داهاتووی کوردستان.

بەداخەوە میدیاکانی ئیمڕۆی کوردستان هیچ ڕۆڵێکی بەرچاوییان نەگێڕاوە بە تایبەتی لەم تەنگژە سیاسیەی ئیمڕۆ کوردستانی تێکەوتووە، کە دەبینین ڕۆژانە هەواڵی دڵتەزێن و ترسناك دەبیسترێت و زۆر بەخەمساردییەوە دەڕوانرێتە بابەتی ڕۆژگار، بەپێچەوانەی میدیاکانی جیهانەوە، کە گرنگی تایبەتیان داوە بەم تەنگژەیە و هەریەك بۆ سودی خۆی لێکی دەداتەوە و تیشکێك لە لێکۆڵینەوە و پێشبینیەکان و ئەنجامەکانی دەخەنەسەر بابەتەکە.

ئەگەر بڕوانینە وڵاتێکی زلهێزی وەك ئەمەریکا، کە کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوە و ئابوورییەکی بەهێز و تەکنەلۆژییەکی پێشکەوتوو و سیستەمێکی دیموکراتی سەردەم، کەچی لایەنی هەستی نەتەوایەتی فەرامۆش نەکراوە و بەردەوام لە سەر زمانیانە و هانی هاووڵاتی خۆیان دەدەن، کە لەپێناویدا قوربانی بدەن.

یان وڵاتانی دراوسێمان، هەموو بابەتێکی سیاسی و ئابووری و کەلتوری دەقۆزنەوە بۆ هاندانی میللەت بۆ پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتیان و بەکارهێنانی بۆ سودی خۆیان، تەنانەت ئایینی ئیسلام بەکارنەهاتووە بۆ خواپەرستی بەڵکو بۆ هەستی نەتەوایەتی چی عەرەب، فارس یان تورك، کەچی ئێمەی داگیرکراو لە سێ پارچەدا و نیمچە سەربەخۆییەك لە پارچەیەکدا، نەمان توانیوە هیچ دەرفەتێك بەکار بهێنین بۆ پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتیمان.

بەداخەوە تائێستاش بە پێچەوانەی عەرەب و فارس و تورکەوە، کە هەموو جۆرە ڕیکلامێك دەکەن بۆ دوژمنایەتی کورد و کوردستان و نکوڵی لە بوونی کورد دەکەن، کەچی ئێمە بەردەوامین لە ڕیکلامەکردنی کەل وپەلی وڵاتانی داگیرکار و هێنانی گۆرانیبێژانی عەرەب و تورك و بەخشینی پارەیەکی زۆر و لاسایی کردنەوە و بەکارهێنانی ئاوازەکانیان و شێواندنی کەلتوری کوردیمان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە جیاتی شیواندنی کەلتورەکەمان بە کەلتوری بێگانە و بانگەوازی برا بچوکیان بدەین و خۆ بەکەم بزانین و دوژمنایەتی شۆڕشگێرانی پارچەکانی تر بکەین و هەڵسین بە داخستنی بارەگای پارتەکانی هاوسۆزی پ.پ.ك. یان بڵاوکردنەوەی چەند ڕستەیەکی کاتی هەرزەکاری لە پەڕاوێزی شاشەی کەناڵەکان بۆ پەیداکردنی چەند سەنتێك، کە هەر پێویستیان پێ نیە، دەبوایە هەوڵ بدرایە چەند پرۆگرامییەکی بەسود و پڕ لە زانیارییان تێدا بووایە لە بارەی مێژووی پڕ لە خوێناوی کورد و خوێنمژی داگیرکارانی کوردستان و پشتگیریکردنی ڕۆڵە نەبەزەکانی کورد لە پارچە داگیرکراوەکانیان، نەك ناوبردنیان بە تێرۆریست و یاخی بوو.

پێویستە میدیاکانی کوردستان بەئاگا بێنەوە بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکان چیتر بەرنامەی کاڵ وکرچ پێشکەش نەکەن و هەوڵ بدەن میللەت هوشیار بکەنەوە و ترسناکی و پیلانگێڕی و دوژمنکاری وڵاتانی دراوسێ شی بکەنەوە و لاوان پشتگوێ نەخەن وبەدەنگیانەوە بچن تا ئەوانیش لە ڕۆژی تەنگانەدا بەدەم وولات و نەتەوەوە بچن، کاتی بێدەنگی بەسەر چووە.

کامانەن؟؟ ئەو کەسانەی هەوڵی ئامادەکردن و پێشکەش کردنی بەرنامەیەکی پڕ بەپێزن، بۆ بزواندنی هەستی نەتەوایەتیمان، یان دەرخستنی نیازپاکیمان کە ئێمە ڕەگەزپەرست و شۆڤێنی نین و دژی هیچ نەتەوە و کەمایەتیك نین و حەزمان بەئاشتی و پێکەوە ژیانە بەیەکسانی، چۆن ئازادیمان بۆ خۆمان دەوێت، ئاواش بۆ تورکمان و ئاشوری و کلدانی هتد... دەوێت.

پێویستە لەسەر نوسەر و ڕۆژنامەنوسان بکەونە خۆیان و ڕووی ڕاستی دوژمنان نیشان بدەن و چیتر ملکەچ و پابەندی سیاسەتی پارتەکان نەبن.

ئیمرۆ هەموو میدیای تورك لە خزمەتی هەستی نەتەوایەتیدایە تا گەیشتۆتە ئاستی ڕەگەز پەرستی و فاشیستی، کەچی میدیاکانی ئێمە دەستەوئەژنۆ دانیشتوون و زۆرجار خزمەت بە دوژمنکاری داگیرکاران دەکەن و ووتاری نابەجێ بڵاو دەکەنەوە.

پێویستە دەست بەکار بن لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی شۆڕشە ڕەواکەمان لە هەر چوار پارچەکە و برەوپێدانی گیانی هاوکاری و هاوسۆزی و یەکگرتوویی و یەکدەنگی و ریسواکردنی کارە دوژمنکارییەکانی داگیرکاران و دەرخستنی جیاوازی نێوانمان، ئەوان ڕەگەزپەرست و شەڕانگێز، ئێمە ئاشتیخواز و نیشتیمانپەروەر.

Kardo961@yahoo. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.